# ناسیۆنالیزم و ناسنامەی نەتەوەیی کورد

**ماهر عەزیز**

ئەم باسە بریتییە لە لێکدانەوەو شیکردنەوەی مەسەلەی ناسیۆنالیزم لە روانگەی مێژوویی و سۆسیۆلۆژیای سیاسی و هەروەها دۆزینەوەی وەڵام بۆ چەند پرسیارێک وەکوو: ئایا ناسیۆنالیزم چییەو چۆن پێناسە دەکرێ؟

نەتەوە چییە؟ دەوڵەت و دەوڵەتی نەتەوە «Ethnicty, Na- State tion و ناسنامەی نەتەوەیی چین؟، ئایا ئێمەی کورد ناسیۆنالیزمی کوردیمان هەیە یاخود بزووتنەوەی نەتەوەیی؟.

لەرووی مێژووییەوە ناسیۆنالیزم وەکوو دیاردە و مەزهەبی سیاسی Political Doctrine دەگەرێتەوە بۆ ٣٠-٤٠ ساڵ لەمەوبەر، بەڵام وەکوو بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە سەنتەر و ئینستتیۆ و زانکۆکانی رۆژئاوا، تەمەنی ئەگاتە ٤٥ ساڵ.

زۆربەی پسپۆر و توێژەرو شارەزایانی ئەم بابەتە دەیگەرێننەوە بۆ کاتی سەرهەڵدانی شۆرشی فەرەنسی ١٧٨٩ .

بۆ یەکەم جار چەمکی ناسیۆنالیزم لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی یۆهان گۆتفراید هێردەر و فەرەنسی ئۆگستین دی بادێل لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم بەکارهێنرا و لەسەدەی نۆزدە بەدەگمەن ئەم چەمکە بەکارهاتووە.

بۆ یەکەم جار بەزمانی ئینگلیزی لەساڵی ١٨٣٦ بەکارهاتووە وەک زاراوەیەکی ئایینی.

لە ساڵی ١٨٨٢ ئێرنست رێنان –ی مێژووناسی فەرەنسی. لە زانکۆی سۆربۆن لە سیمینارێک دا بەناونیشانی «نەتەوە چییە؟» ووتی: نەتەوە رۆحە، پرنسیپێکی روحی و مەعنەوییە، و ئەم پرنسیپە مەعنەوییە دەرئەنجامی دوو شتی سەرەکیین یەکەمیان سامانی یادەوەرییە و دووەمیشیان رەزامەندییەکانی ئێستایە. کەواتە لای رێنان نەتەوە دەبێ یادەوەرێکی هاوبەشی هەبێت «Common Memory» کە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی بەرهەم دێنێت کە ئەندامی کۆمەڵ هەست بەوە دەکەن خاوەن خەم و پەژارە و تراژیدیاو شکۆدارییەکی هاوبەشن. ئەمانەش بەرای ئەو خۆراکی بیری نەتەوەیین. رێنان پێی وابوو نەتەوە وەک هەر دیاردەیەک سەرەتای هەیەو دەبێ کۆتاییشی هەبێت و بەپێی بۆچوونی ئەو نەتەوە لە ئەوروپا نامێنێ و دەتوێتەوە. بەڵام رۆژگار ئەم بۆچوونانەی رێنان –ی بەدرۆ خستەوە، بەهەرحاڵ پێناسەی رێنان بۆ نەتەوە ئەوەیە کە نەتەوە راپرسییەکی رۆژانەیە a daily plebisite.

لە هەشتایەکانی سەدەی رابردوو چوار پسپۆری زۆر بەناوبانگی رۆژئاوا لەسەر ئەم بابەتەیان نووسیوە. ئێرنست گیلنەرو ئێریک هۆبسیۆم وا ئەنتۆنی سمث لە بەریتانیا و بێنیدێکت ئەندرسن لە ئەمریکا.

هەروەها بەبۆچوونی من نەتەوە Natiam ئەو کۆمەڵە مرۆڤایەتییە کە لە سروشت و مێژوودا کە بەبەردەوامی پرسیاری ناسنامەی نەتەوەییدا داواکارە.

زۆربەی پێناسەکان بۆ نەتەوە سێ خاسیەتی سەرەکی وەخۆوە گرتووە ئەوانەش:

١- Territory – ەکانی Spacial پەیوەندی بەشوێنەوە هەیە.

٢- کۆمەڵایەتی Common understanding Social تێگەیشتنی هاوبەشی ئەفسانە

یادەوەری مێژوویی و سیمبوڵ - دابونەریت.

٣- سیاسی Political: حکومەت - وەک Apparatus of Government David Helo.

٤- پێکهاتەکانی نەتەوە بریتین لەمانە: ١- خاک - Terrotory. ٢- زمان - Language. ٣- کەلتور - Culture. ٤- ئایین - religion. ٥- مێژوو - History.

هەموو ئەوانەش فاکتەری پێویستن بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی.

## ناسیۆنالیزم چییە؟

شارەزایانی ئەم بابەتە بەبەردەوامی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا هیچ کاتێ بۆ پێناسەکردنی ئەم چەمکە «ناسیۆنالیزم» پسپۆران کۆک نەبوون و، هەروەها یەک بۆچوون بۆ مەسەلەی «چی نەتەوە پێک دێنێ؟ و نەتەوەگەری و نەتەوەخوازی» نەبووە لە ئەدەبیاتی سیاسی و سۆسیۆلۆژیدا زۆر زەحمەتە بتوانین یەک تیۆری بدۆزینەوە کە هەموو بۆچوونەکانی ناسیۆنالیزم بگرێتە خۆی.

برو بەیکەر Brubaker دەڵێ: نەیشن Nation کاتیگۆری پراکتیزە نەک شیکردنەوە. Nation is a category of pcactice not a category of analysis. سەد ساڵی نێوان ١٨٨٢-١٩٨٢ لەلایەن کوهن، کویان، هیاس، دوێج، گلنەر، تەرخانکرا بۆ ناسیۆنالیزم لەبەر ئەو گەلێک بۆچوون هەیەو گۆڕانکاری زۆر تێدا کراوە.

١- بەپێی کتێبەکەی مامۆستای سیاسەت لە زانکۆی کۆرنێل. ئەندرسن بەرەگەز ئێرلەندیی و لە ساڵی ١٩٣٦-) لە چین لە دایک بوو : Imagined conunities,Reflection on the origin and Spread of. nationalism: لەم بیست ساڵانەی رابردوودا پێناسەی ئەندرسن بۆ ناسیۆنالیزم بەباشترین پێناسە دادەندرێت لە بواری سیاسی و سۆسیۆلۆژییەوە کەتیایدا دەڵێت: نەتەوە کۆمەڵێکی سیاسی هێماکراوە یاخود خەیاڵکراوە. خەیاڵکراوە کە پرەنسیپەکانی دیاریکراون و خاوەن سەروەرییە، نەتەوە هێماکراوە چونکە تەنانەت نەتەوەیەکی زۆر بچووکیش هیچ کات یەکتر ناناسن،

هەڵسوکەوتیان پێکەوە نابێت و تەنانەت هیچ لە یەک نابیستن. ئەندرسن نەتەوەو نەتەوەخوازی دەبەستێتەوە بە Print Capitalism سەرمایەداری چاپەمەنی؛ لەگەڵ دروست بوونی زمانە ناوچەگەرییەکانی وەکوو ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و، نەزانینی خەڵک بۆ زمانی لاتینی دیاردەی چاپەمەنی و خوێندنەوەی هێنایەکایەوە کە لەوانە کتێب و گۆڤارو رۆژنامەی رۆژانە رۆڵێکی زۆریان گێرا لە یەکگرتنی نەتەوەو هەروەها لە ساڵی ١٩٨٣ ئێرنست گلنەر کتێبی (نەتەوەو بیری نەتەوەیی – Nation and Nationalism)ی چاپکرد کە تیایدا بۆچوون و تیۆری خۆی بۆ ناسیۆنالیزم شی دەکاتەوە. بەڕای ئەو ناسیۆنالیزم بەئاگاهێنانی نەتەوە نییە بەڵکو ناسیۆنالیزم خۆی لە خۆیدا لەم شوێنانەی کە نەتەوەی لێ نییەنەتەوە دروست دەکا. تیۆری گلنەر بۆ ناسیۆنالیزم بەتیۆرییەکی ماتیریالیست دادەندرێ کە زیاتر لەسەر ئابووری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەدوێ. بەڕای ئەو ناسیۆنالیزم پەیوەندی بە Modernity هەیەو Modernity یش دەرئەنجامی پیشەسازییە Industrialisation و پیشەسازیش پێویستی بە سیستەمی خوێندنی گشتی هەبوو، سیستەمی خوێندنی گشتییەش کەلتوورێکی دروست کرد ئەم کەلتوورەش خۆی لە خۆیدا کەلتووری ناسیۆنالیزمەو کەلتووری نەتەوەیە. کەواتە ناسیۆنالیزم لای گلنەر وەک خۆی پێناسەی دەکا: پرەنسیپێکی سیاسییە کە دەوڵەت (Political) و کلتور (National) بەیەکەوە بەشێوازێکی هارمۆنی دەژیێنێ. هەروەها پێی وایە ناسیۆنالیزم بریتییە لە تیۆری شەرعیەتی سیاسی کە سنووری دەوڵەت و ئیتنیک پێکەوە دەبەستێتەوە هەروەها لەلای گیلنەر نەتەوە دیاردەیەکی مۆدێرنە، بەلام (شلێرمەکەرو هێردەر) دەڵێن نەتەوە دیاردەیەکی سروشتییەو خوا دروستی کردووە.

٢- ئێریک هۆبسبۆم: مێژووناسی مارکسیست مامۆستایە لە کۆلیجی بێرکێک لە زانکۆی لەندەن لە کتێبەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٩٠ چاپ کراوە لە زانکۆی کەمبرج بەناوی:

Nations and Nationlim sinc 1780: Programme. Myth and reality.

هۆبسبۆم زۆر رەشبینە لە پێناسەکردنی ناسیۆنالیزم و پێی وایە کە ناتواندرێ پێناسەیەکی پڕ بەپێست چ بابەتیانە بێ یان زاتییانە بۆ ناسیۆنالیزم دابنێین چونکە لای

ئەو پرسیاری دروست بوونی نەتەوە خۆی لە خۆیدا کارێکی زەحمەت و ئاڵۆزە. بەڵام بەلای ئەو دەوڵەت دامەزرێنەری نەتەوەیە و دروست بوونی دەوڵەتیش پەیوەستە بەکرداری Mod-ernity کـە لە رۆژئاوا سـەری هەڵداوە و نەتەوەش لە بنەمـا ئایدیۆلۆژییـەکانی دەوڵـەتە. بەبۆچوونی هۆبسیۆم جوگرافیاو کولتوورو مێژوو تاکە فاکتەر نین بۆ دروست بوونی نەتەوە بەڵکو هۆکـاری ئابووری و سـیـاسـی و شـەڕ پەیوەندییـان هەیە بەسـەردەمی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیە. .Nation State.

٣- ئەنتۆنی دی سمیث؛ مامۆستای بەشی سۆسیۆلۆژی و ئینستیتۆتی ئیثنستی و ناسیۆنالیزم لە LSE لە زانکۆی لەندەن و سەرنووسەری کۆڤاری Natin and National-aism لە سـالانی ١٩٧٠ و خـەریکی ئەم بابەتەیە، بۆچوون و تێـڕوانینی سـمث بەبەراوردکردنی لەگەڵ ئەوانەی پێشوو جیاوازە لە بارەی مەسەلەی پێناسەو سەرچاوەو دروستبوونی نەتەوە. سمث پێی وایە نەتەوە دیاردەیەکی مۆدێرن نییە بەڵکو زۆر کۆنە و لەکتێبەکەی بەناونیشانی The ethnic origin of Nations دەڵێ نەتەوە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتووی گروپە ئیثینیەکانی بەر لە Modernity یە کە کۆمەڵگایەک پێک دێنێت، ناسنامەی کەلتووری و داواکارییە سیاسییەکانی پێوە دیارە. زۆر لە شارەزایانی ئەم بابەتە سمث بە Premodialist دادەنێن بەڵام سمث خۆی ناو لە خۆی دەنێ Ethno Symbol-.ic

نەتەوە لای سمث ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە ناوێکی دیاریکراویان هەیەو، هەروەها وڵات و ئەفسانەی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، خاک، کلتوری گشتی هاوبەش، و یەک ئابووریان هەیە Ethnicity بەبۆچوونی سمث شەش پێچکەی هەیە کە نەتەوەی لەسەر رادەوەستێ ئەم شەش پێچکە:

١- ناوێکی کـۆلێکتـیـڤی ناسـراو. ٢- ئەفـسـانەی نەژادی ناسـراو. ٣- بیـرەوەری مێژوویی هاوبەش. ٤- کلتورێکی ناسراو. ٥- وڵات. ٦- سۆلیداریتی Solidarity.

دەربارەی ناسیۆنالیزم سمث باوەڕی وایە کە ناسیۆنالیزم بزووتنەوەیەکی کەلتووری و ئایدیۆلۆژیە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی و هێشتنەوەی یەکێتی نەتەوەیی و پاراستنی

ناسنامەی نەتەوەیی دەدات. لێرەدا پرسیاری ناسنامەو بەتایبەتیش ناسنامەی نەتەوەیی زەق دەبێتەوە، ئایا ناسنامە چییە؟ Ethnicity: سەرچاوەکەی لە ووشەی یۆنانی کۆن وەرگیراوە ethnikos بەمانای ئەو کەسەی کە بڕوای بە ئیمانێکی دامەزراو نییە، و هەروەها ئێثنی مانای بێگانە Foreigners یاخود outsiders وەکو، - non- jows non chritians؟و لە زەمانی ڕۆمانیش بە مانای بێگانە و دەهات بە هەر کەسێک خەڵکی ڕۆمـــا نەبوایە. ethnicity لە ســـاڵی ١٩٤١ لەلایەن لۆیدوارنەرو لە ١٩٥٣ لەلایەن دەیڤدوایزمان بەکارهاتووە.

**ناسنامە**

ناسنامـــــە چەمکێکی نادیار یاخـــــود ناڕوون و پەیوەندیدارە Relational بەپەیوەندییەکانی تاکەکەس لەگەڵ ئەوی تر. ناسنامە ئەو پەیوەندیەیە نێوان دووکەس یان زیاتر رایەڵ دەکا لەسەر بنەمای جیابوون نەک لەیەکچوون.

ناسنامە مەسەلێکی دینامیکییە نەک ستاتیک. پرۆسێسی خۆناسینە لە ڕێگای پەیوەندی لەگەڵ ئەوی تر دەردەکەوێ. ناسنامە زۆر لێڤلێ هەیەو ئەو لێڤڵەی لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم ناسنامەی نەتەوەییە پرسیاری ناسنامەی نەتەوەیی کەمە لەو (٢٥) ساڵەی دواییدا وەک دیاردەیەکی سۆسیۆ سیاسی سەری هەڵداو زەق بوویەوە. هەر لەم ماوەیەدا کێشەو پرسی ناسنامەی نەتەوەیی Ethinici لە وڵاتانی ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری هەڵداو قوزاریەوە. گرووپی جیاجیا لێرەو لەوێ پرسیاری ئەوەیان لا دروست بوو ئایا ئێمە کێین؟. ناسنامەی نەتەوەیی مەسەلێک نییە بدۆزرێتەوە بەڵکو دروست دەکرێ و بەبەردەوامی لەگۆڕانکاری دایە. خەسڵەتی ناسنامەی نەتەوەی ئەوەیە کە کۆلێکتیڤە دەکرێ نیشانەی بکرێ لە ڕێگای سیاسەت، مێژوو، جوگرافیا، دابونەریت و کلتور. سمث دەڵێ ناکرێ هەموو ئەم سیفاتانەی ناسنامەی نەتەوەیی کۆبکەینەوە لە یەک خاڵکدا چونکە ناسنامەی نەتەوەیی Multi dimentional ـە «فرە لایەنە». بۆ پێناسەی ناسنامەی نەتەوەیی سمث دەڵێ ناسنامەی نەتەوەیی ئەو دروست کردنە بەردەوامەیە کە بەهاو سیمبوڵ و یادەوەری و ئەفسانەو دابونەریت کۆدەکاتەوە بەیەکەوە و لە میراتی

نەتەوەنە دیار دەبێت و گرنگترین ئەرکی ناسنامەی نەتەوەیی ئەوەیە کە تۆ ئاگادار دەکا کێیت و لەکوێوە هاتوویت؟

کەواتە گەر تۆ ناسنامەی نەتەوەییت هەبوو دەبێ شوێنت هەبێ و کلتورت هەبێ. باس کردن و لێکۆڵینەوە لە ناسنامە پرسیاری ئەوە زەق دەکاتەوە کە ئایا تاکەکەس چ جۆرە پەیوەندییەکی بەکۆمەڵگاکەیەوە هەیە؟ چەند پابەندە بەکۆمەڵ؟ بۆیە دەتوانین بڵێین دوو خاڵی سەرەکی ناسنامەی نەتەوە روون و ئاشکرا دەکا: بەردەوامبوون (ontinuity نەوە) و جیاکردنەوە لە ئەوی تر Diferentiation و بەردەوامبوونیش لە تێگەیشتنی نەتەوە بەدرێژایی مێژوو هەڵدەقوڵێت. بەردەوامبوون لە تێگەیشتنی تاکەکەسەکانیش بۆ ئەو مانا هاوبەشانەی کە تەنیا ئەوانەی ئەندامی نەتەوەن تێی دەگەن و بۆ نموونە ئاڵا. یان پارچە موزیکێک یان تابلۆیەکی نەتەوەیی، هۆنراوەیەک یان گۆرانییێک.

بەڕای من کۆمەڵ، کەلتوور، یەکێتی مانای هاوبەش، بەسەرچاوە سەرەکییەکانی دروست بوونی ناسنامەی نەتەوەیی دادەندرێن. بۆ نموونە ئاگرکردنەوە لە نەورۆز جوانترین نموونەیە بۆ ئەوە. Rituals طقوسی ئاگرکردنەوە. کەواتە Rituals, Symbols فاکتەری سەرەکین بۆ دروست کردنی ناسنامەی نەتەوەیی.

## ناسیۆنالیزمی کوردی یان بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد؟

ئەمڕۆ گەر بمانەوێت بەشێوەیەکی زانستی باس لە مەسەلەی ناسیۆنالیزمی کوردی بکەین دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئێمەی کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتین State less Nation نەک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو لە هەموو دونیا. تەنانەت تاکوو ئێستا ئێمە بسمارکێکمان لێ هەڵنەکەوتووە. ئەو بسمارکەی لە ١٨٧١ هەموو پارچەکانی ئەڵمانیای لە یەک دەوڵەتدا کۆکردەوەو وئەلمانیای کردە یەک. یاخود گاریباڵدی کە لە ١٨٦١ ئیتاڵیای پارچە پارچەکراوی کردە یەک - بەڵام لەم پازدە ساڵەی دواییدا ئێمە ئەزموونێکی دەگمەن و پونیک Unique مان هەیە گەر ماکس ڤەیبەر

گوتبێتی کە رۆژئاوا یونیکە Unique من دەڵێم ئێمە کوردستانی عێراق بەئەزموونی ئەم ١٥ ساڵەی دواییماندا یونیکین و ئەوەی رووی داوە لە کوردستان دەوڵەتی ئەمری واقیعە de facto kurdish state هەر ئەو ئەزموونەش خۆی لە خۆیدا پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەیە Nation - Building بەمانا سۆسیۆسیاسییەکەی.

گەر سەیری مەسەلەی دەوڵەت و نەتەوە بکەین دەبینین پاش روخانی یەکێتی سۆڤییەت هەر لەوێ ١٤ دەوڵەتی لێ دروست بوو بچووکترینیان لیتوانیایە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە ملیۆن و نیو کە کەمترە لەسەرژمێری هەولێرو سلێمانی. هەروەها گۆڕانکارییەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات کە بەندبوو بەمارکسیزم و سۆسیالیزم. وەک یوغسلافیاو چیکۆسلۆفاکیا. لە ساڵی ١٩٥٠ تەنیا (٥٤) دەوڵەتی ناسراوو دیاری کراو هەبوو لە دونیا بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠دا گەیشتە ١٩٢ دەوڵەت.

زۆرجار رووەدا دەوڵەت دروست دەبێ بەبێ ئەوەی نەتەوەی سیاسی هەبێ. ئیسرائیل و کوێت. ئیسرائیل دەوڵەتە بەڵام ئەو خەڵکەی لێی دەژی نا هەماهەنگ «غیر متجانس» ، کوێت دەوڵەتەو ئەو خەڵکەی لێ دەژی هەماهەنگ (متجانس) بەڵام نەتەوە نییە بەڵکو خێڵێکی گەورەیە. باشترین نموونە بەڕای من بۆ گونجانی نەتەوەو دەوڵەت بەشێوە هارمۆنییەکەی ژاپۆن و سویدە. ئێمەی کورد نەتەوەین بەڵام دەوڵەتمان نییە.

ناسنامەی نەتەوەیی لە رۆژئاوا دەرئەنجامی پرۆسەی مۆدێرنیتە و لەدایک بوونی کۆمەڵگای مەدەنی و هاوڵاتی بوون و دیموکراسییە. لای ئێمەی کورد دەرئەنجامی پرۆسەی رەفزکردنی ئەوی ترە بۆ ئێمە واتە «عەرەب. فارس، تورک» بۆ ناسنامەی نەتەوەیمان و بوونمان کە ویستوویانە لە سیستەمی خۆیاندا بمانتوێننەوە. ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم لای کورد لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دەستی پێکرد..

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ مەسەلەیەکی گرنگ بکرێ ئەویش چ جۆرە ناسیۆنالیزمێک؟ لە ئەدەبیاتی سیاسی و سۆسیۆلۆژی ناسیۆنالیزم دوو جۆرە ناسیۆنالیزم هەیە Ethnic یان civic: بەبۆچوونی من ئێمەی کورد زیاتر خۆمان لەناو Ethinc دەبینیەوە کە پەیوەستە بەکلتور و زمان و Socialisation بەڵام لە رۆژئاوا بەگشتی civic ـە چونکە پەیوەستە

بەکۆمەڵگای مەدەنی و بەهاوڵاتی بوون و دیموکراسی. تێزی لێکۆڵینەوەی من ئەوەیە کەوا تا ١٩٩١ ئەو فاکتەرانەی کە کاریان کردۆتە سەر ناسیۆنالیزمی کورد و پەرەسەندنی زۆر نێگەتیڤ و Reactionory یە وەک Reaction بۆ سیاسەتەکانی بەعس وەک: بەعەرەب کردن، توانەوە، ئەنفال، بەبەعسی کردن.. بەڵام ئەزموونی ١٩٩١ تاکوو ئێستا بەهەموو تەنگ و چەڵەمەو ناخۆشییەکانییەوە دەتوانین بە Positiveی لە قەڵەم بدەین و ناوی بنێین ئەزموونی بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوە. چونکە ئەوەی لە کوردستانی دەبینرێ بوونی حکومەت و دەوڵەت لە ڕوانگەیەکی پلورلیست Pluralist یاخود فرە حیزبی گەر پراکتیزەی دەوڵەت بکەین لەسەر کوردستان بۆمان دەردەکەوێ. ١- دانیشتوان - Population. ٢- خاک - Territory. ٣- دەزگای کارگێڕی و حکومیەکان governmental admiustratie instiution. ٤- پەیوەندی دەولی - International erlation. ٥- لەشکر Army.

## توێژەری کوردو ناسیۆنالیزم

ئێمەی کورد گەر بەدوای دەق (Text)دا بگەڕێین وەک نووسینێکی فیکری و فەلسەفی و یاخود مەعریفی دەقمان نییە لەسەر ناسیۆنالیزم نووسرابێ. تەنانەت مەموزینی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) نەبێ و هەندێک لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٩٩٧)و لە پێش ئەوانیش شەرفخانی بەدلیسی لە (١٥٩٦) شەرەفنامەی نوسیووە.

لەم بارەیەوە چەند توێژەرو پسپۆری کورد هەیە لە زانکۆکانی ئینگلتەراو کەنەداو فەرەنسا خەریکی ئەم بابەتەن وەکو عەباس وەلی و ئەمیر حەسەن پوورو حەمید بۆزئەرسەلان.

لە هەموویان گرنگتر عەباس وەلی یە. ئەمیر حەسەن پوور زیاتر لەسەر مەسەلەی ناسیۆنالیزمی کوردی ، زمان و کۆمیونیکەیشن نووسینی هەیە و حەمید بۆزە ئەر سەلانیش زۆربەی باس و نووسینەکانی لەسەر مافی نەتەوایەتی کورد لە تورکیاو زۆر

نووسینەکانی دەخرێنە خانەی سۆسیۆلۆژیای مێژوویی. بەڵام عەباس وەلی لە سێبەری تیۆرییە رۆژئاواییەکانی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم دەرناچێ.

عەباس وەلی دەڵێ: کورد ناسیۆنالیزمی نییە بەڵکو ناسیۆنالیستە، یاخود بزووتنەوەی نەتەوەییە ئەوەش بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی کوردی یاخود، ناسیۆنالیزمێک کە داوای سەربەخۆیی بکات، تەنها بزوتنەوەی PKK نەبێ کە لە کۆتایی هەشتاییەکاندا پرۆگامی سەرەکی ئەم بزوتنەوەیە سەربەخۆیی بوو. و بەڕای ئەو دەرئەنجامی ئەوەش بەش بەش بوون و پارچەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی کوردە، بەبۆچوونی من عەباس وەلی زۆر دوور رۆیشتووە گەر باسی مەسەلەی نەتەوەی کوردو بەراوردی بکەین بە ئەوە دوای عێراق پێم وایە ئێمەی کورد زیاتر سفاتی نەتەوەمان پێوە دیارە لە عەرەبی عێراق.

گەر نموونەی ئەمریکا وەربگرین بۆ شیکردنەوە، تایبەتمەندییێک هەیە کە ئەمریکای دروست کرد پێی دەڵێن. Melting pot بۆتەی توانەوە کە بریتییە لە تێکەڵاو بوونی هەموو ئەو میللەتە جیاجیانەی ئەمریکا لە یەک کلتوردا.

هەندێک هەن رەخنە لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەگرن لە روانگەی ئەوەی کەوا ئەم ناسیۆنالیزمە ئاماژە بەمسەلەی سەربەخۆی ناکا. و چونکە کورد دەوڵەتی نییە کەوا بوو ناسیۆنالیزمی نییە. ئەم بۆچوونانە لە نووسینەکانی د. عەباس وەلیەو من دژ بەو بۆچوونانە دەڵێم: ئێمەی کوردی کوردستانی عێراق - تاکین - unigue و هەموو مەرجەکانی بوونی دەوڵەتمان تێدایەو ئێمە ئەسڵەن لە ئەزموونێک دەژین کە لە ئەدەبیاتی زانستی سیاسەت پێی دەڵێین (defacto - دەوڵەتی ئەمری واقیع)، ئەوەی لەم (١٥) ساڵەی دواییدا لە کوردستان روودەدات و پڕاکتیزە دەکرێ خۆی لە خۆیدا ناسیۆنالیزمە، ناسیۆنالیزمێکە دەیەوێ دەوڵەتی نەتەوە Nation - State دروست بکا. بەمەزەندەی خۆم کە پشتم بەچەند خوێندنەوەیەکی جۆراوجۆری دروستکردنی دەوڵەت و نەتەوە بەستووە، بۆ ئێمە لەوانەیە لەم چەند ساڵەی دواییدا سەربخۆیی بێتەدی بێ ئەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەئێمەوە ببەسترێتەوەو ئەم قەوارە سیاسی و کەلتوورییەی ئێمە بێتە بنەمایەکی بۆ دەوڵەتی کوردستانی گەورە، هەر ئێمەش دەبینە سەنتەری سیاسەتی کوردی

لەم سەدەیەی کە تیا دەژین. ئەم ئەزموونە تاکە ئەزموونە لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەبۆچوونی من زۆر زەروور نییە ناسیۆنالیزمی کوردی بەهەمان شێوەی ناسیۆنالیزمی فەرەنسی یان ئەڵمانی یان ئینگلیزی تێپەڕ ببێ، چونکە وەک دەزانین هەر کۆمەڵگایەک، بارودۆخێکی کەلتووری و سیاسی و مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە. ناسیۆنالیزم وەک زۆربەی زانایانی ئەم بابەتە جەختی لەسەر دەکەن بریتی نییە تەنیا لە ئایدۆلۆژیایەک، بەڵکو تەوەرێکی دیالیکتیکییە لە نێوان نەتەوەو ناسنامەی نەتەوەییدا، هەروەها ئەوەمان لە یاد نەچێت کە لەپاش ساڵی (١٩٩١)ەوە ئەوەی لە کوردستان روودەدا روویداوە بنیاتنانی نەتەوەیە Nation Building –و پتەوکردنی ناسنامەی نەتەوەییە، من دەڵێم نەوەیەک دروست بووە کە ئێستا تەمەنی نێوان (١٨-٢٥) ساڵانە ناسنامەیەکی تایبەتی خۆی هەیە کە کوردستانییەو کوردایەتییە زیاتر لەوەی کە هەستی بەرامبەر عێراق و ناسنامەی عێراق هەبێت.

کوردستان بۆ کوێ؟

کوردستان و کێشەی فیدرالیزم؟ فیدرالیزم Chech and Balance دروست دەکا، نێوان لێقڵەکانی حکومەت بەگوێرەی کتێبی «Federalism states – دەوڵەتە فیدراڵیەکان» کە لە ساڵی ٢٠٠٢ چاپکراوە. (٢٥) دەوڵەت لە دنیای ئەمڕۆدا بەسیستەمی فیدراڵی دەژی. ئەم (٢٥) وڵاتە تاڕادەیەک دەکاتە نیوەی سەرژمێری سەرزەوی و لە سەدا نەوەدو پێنج (٩٥٪) سەرژمێی دنیا لە Multiculturalism دەژین. هاوڵاتی (٢٥) دەوڵەت لە کۆی (١٩٣) دەوڵەت لەژێر سیستەمی فیدراڵیست دەژین. ئەوانە سەدا چلی (٤٠٪)ی دانیشتووان سەر زەوین، ئوستراليا، نەمسا، هیند، بەرازیل، ئەثیوبیا، ئەڵمانیاو ئەمریکا.. هتد.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی دانیاڵ ئیلازەر سەدا هەفتای (٧٠٪) دەوڵەتەکانی ئەمڕۆی جیهان لەسەر هەندێک لە بنەماکانی فیدراڵیزم دەژین. ئایا ئەزموونی سویسرا دەکرێ بۆ ئێمە سودی لێوەربگیردرێ؟ من بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم نەخێر، سویسرا ساڵی ١٨٤٨ کۆنفدراڵی بووە بەڵام لەراستیدا فیدراڵیستە. ژمارەی دانیشتوانی (٧) ملیۆن و

له (٢٦) كـانتـۆن پێـک هاتووەو بچـوكتـرين كـانتـۆن URiيه، كه ٣٥٠,٠٠٠ كـهس لێی دەژی، گەورەترين كـانتـۆنشينی زێوريخە كه سەرژمێری دانيشتوانی ١,٢٢٨,٦٠٠ كـهسه، چوار زمـانی سـەرەكی لێـيـه، ئەڵـمـانی، فـەرەنسی، ئيـتـاڵی، و رۆمـانی. كـه ٦٣,٩٪ ئەڵـمـانيـيه و ٨٩,٥٪ فـەرەنسـيـيەو ٦,٦٪ ئيـتـاڵيـيەو ٥٪ رۆمـانيـەو ٩,٥٪ ئەوانی تره...

## سەرچاوەكان


- Abbas Wali, “The Kurd and the “others”, Fragmented Identity and Framented Politics” ‘comparatives Studies of South Asia and Middle East, Volxvlll, No2.

- Anthony D. Smith, “the Ethnic origin of Nations” Oxford, DUP. 1986.

- Anthony D. Smith. National Identity, London, Penguin, 1991.

- Bene dict Anderson, “Imagined Communities, reflecton on the origin and spread of Nationalism, “London, Verso, 1983.

- Eric Hobsbawm, “Nation and Nationalism Since 1780, Cambridye, Cup, 1990.

- Ernest Gillner, “Nation and Nationalism”, Ithaca, Cornell. UP. 1983.

- Amir Hassan Pour: “Nationism & language in kurdistan (san francisico, Meilon up - 1994).

## گفتوگۆ لەسەر بابەتەکەی (ماهر عەزیز)

**د. عەبدوڵڵا ئاگرین:** پێشەکی سوپاسی بنکەی توێژینەوە دەکەم بۆ ئەم سیمینارەی کە بۆ مامۆستا ماهری رێکخستووە هەروەها گفتوگۆو تاوتۆی لە بارەی ئەم بابەتەی مامۆستا ماهر بکەین. لەراستیدا لەم سیمینارەدا کۆمەڵێ بابەتی گرنگی وروژاند بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەم بابەتە حەز دەکەم هاوبەشی بکەم لە دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە. بابەتەکە سێ لایەنی گرتەوە یەکەمیان بیروڕای توێژەرەوەو تیۆرستەکانی ئەوروپا لە بارەی نەتەوەیی و نەتەوە لە ئەوروپا دووەمیان لە بارەی پێناسەیەو سێیەمیان نەتەوەو نەتەوایەتی کوردییە پێم وایە ئەبێ بزانین پێناسەی نەتەوەو بوونی نەتەوە بۆچی بکەین؟ لەبەرئەوە دەیکەین کە هەست بەوە دەکەین مافەکانمان لێ زەوت کراوەو مافەکانمان وەرگرینەوە، یانی ئەو شێوازەی کە ئێستا پێی دەڵێن شێوازی کارکردنی سەردەم و لەیەک گەیشتن و گفتوگۆکردن و هێزی بەرانبەرگرتن و پاراستنی مافی مرۆڤ، پێم وایە بۆ وڵاتێکی وەک وڵاتی ئێمە هەندێک سەختە، باشترین نموونە ئێستای ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقییە، کە کورد (٧٨) کورسی هەیە لە کۆی (٢٨٠) کورسیدا، بەڵام ئەگەر بەمەسەلەی دیموکراسی و دەنگدانەکە بێت ئێمە هیچ شتێکمان دەست ناکەوێ بەشێوەی تەوافق ورێککەوتنە، ئەو رێکەوتنەش دوورە لە مەسەلەی دیموکراسی دوورە لە مەسەلەی ئازادی ئێمە دەبێ تەقدیری بارودۆخەکەی خۆمان بکەین کە تیایدا دەژین. بۆ ئەوەی بچینە نێو باسەکەی جەنابتەوە دەبێ پێناسەی هەریەک لە نەتەوایەتی و نەتەوەو نەتەوەیی بکەین ئەگەر ئێمە توانیمان پێناسەی ئەم سێ زارەوەیە بکەین لە بواری سیاسەت و لە بواری تیۆرییەوە پێم وایە نە ئەتوانین بگەینە زۆر ئەنجام، چونکە ئەو مەسەلانەی کە جەنابت باست کرد پێشی (٤٥) ساڵ لەمەوبەر، و لە زانکۆکاندا وتراوەتەوە لە ساڵی ١٨٨٢ (ئیرنست ترینالّ) فەرەنسی مەحازەرەی داوە لە زانکۆیەکی فەرەنسی مەسەلەی ئەفکاری نەتەوەیی هەرچەندە نەخراوەتە قالبێکی تیۆری و

فەلسەفییەوە کە بخوێنرێ بەڵام لەگەڵ بوونی نەتەوەدابووە، من لەگەڵ، پێناسەی ئرس ئیگلاڤیۆ کە جەنابت دەڵێی باشترین پێناسەی نەتەوەیی تێداکردووە نیم. (کۆمەڵی سیاسی هاوخەیاڵ) ئیدی خەیاڵەکەیان چییە؟ ئەو پێناسەی حەسمی بوونی نەتەوە ناکا ئەو پێناسەیە (حەسمی بوونی نەتەوە) مێژوو راستیەکەی سەلماندووە.

(کۆمەڵێکی سیاسی هاوخەیاڵ) ئەمە وەکو ئەوە وایە ئێمە ئەتوانین کۆمەڵی سیاسی هاو خەیاڵ بێن کوردێک بێت، عەرەبێک بێت، تورکێک بێت، ئەمە نەتەوە پێک ناهێنێ. نەتەوە بەمانای (أمە) نەتەوە لە چوار مەرجی سەرەکی پێکهاتووە لە زمانێکی هاوبەش، خاکێکی هاوبەش، مێژوویەکی هاوبەش و لەگەڵ ئاداب و تەقالیدێکی هاوبەشدا) ئەگەرچی ئەمە پێچەوانەی ئەو بیروڕایەیەشە کە مارکسیەکان دەڵێن، کە بەم پێیە بەبێ بوونی دەوڵەت بەنەتەوە دانانرێت. زۆرجاریش هەبووە گوتویانە کورد نەتەوە نییە چونکە دەوڵەتی نییە. لە ئەنجامیشدا دەرکەوت کە دەوڵەت نەتەوە دروست ناکا بەڵکو نەتەوە دەوڵەت دروست دەکا، بەڵام کۆڵەکە سەرەکییەکانی نەتەوە زمانە، هەر نەتەوەیەکیش زمانی لەدەست دا نەتەوەشی لە دەست دەردەچێت.

ئەو تیۆرەی کە تیۆریستە مارکسیەکان دایاننابوو لەگەڵ واقیعدا نەگونجا. ئێمە ئەوەی کە ئێستا هەیە لە ئەنجامی پاراستنی ئەو حاڵەتەیە کە لەڕووی قانوونییەوە کاتی خۆی زمانی کوردی بوو بەزمانی رەسمی ئەویش تەنها لە ناوچەی سلێمانی پیادەکرا، بەبۆچوونی من ئەگەر کەسێک نەتەوەی بوێت ئەبێ دووربێ لە شۆڤینیەت و دەمارگیری و قین و بوغز بەرامبەر نەتەوەیەکی تر سەبارەت بەناسنامەش بەنسبەت ئێمەوە پێویستە کە باسی ناسنامە ئەکەین بزانین چی دەبەخشێ لای ئێمە نەک لەڕووی دەمارگیری و شۆڤینیتەوە، ناسنامە زۆر شت ئەگرێتەوە لای ئێمە ئاڵای کورد لەوانەیە ناسنامەیەکی نەتەوەیی بێت، کەسایەتییەکی گەورەی کوردی وەک بارزانی ناسنامەیەکی نەتەوەییە، لە دانە شاکارێکی ئەدەبی گەورەی وەک مەموزینی ئەحمەدی خانی ئەویش بەناسنامە دادەنێرێت. بەڵام ئێستا ناسنامەی نەتەوەیی خۆی لە ئەندام بوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان

دەبینێتـەوە تانـەبی بەئەندام لە نـەتەوە یەکگرتووەکان و خاوەنی دەوڵـەتێکی سـەربەخـۆی خۆت خۆت نەبی ناسنامەی نەتەوەییت نییە لە بارەی ناسیۆنالیزمی کوردی جەنابت ووتت کە ئێمە نە(بسمارکی) ئەڵمانیمان هەیە کە هەموو ئەڵمانیای یەک و پێک خستوە تەوە لە سالی(١٨٧١)دا نە (دۆڵی باڵدینی) ئیتاڵیامان هەیە کە لە ساڵی (١٨٦١) یەکێتی ئیتاڵیای دروست کردبێت. ئەگەر چاو بخشێنین بە مێژووی میللەتەکەمانا کەسانێکمان هەبووە کە بیروباوڕی پێشکەوتوو سەردەمیانەو ئینسانانەیان هەبووە و ئەفکارێک کە بە مافی مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ و دوور لە شەڕ ئەو ئەفکارانەی بڵاوکردۆتەوە. جاوەکو (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) کە بیرمەندێکی گەورەی کورد بووە کەسێکی نەتەوەیی بووە کەسایەتییەکی کورد بووەو نەتەوایەتی و کوردایەتی کردووە، بڕوای بە گفتوگۆ بووە هەر ئەویش بوو کە بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی (١٨٣٠) کوردستان بەجێ بهێڵێ بۆ ئەوەی لەگەڵ قادریەکان و بابانییەکان تووشی شەڕ نەبێ. یەکێ بووە لەوانەی کە قوتابخانەیەکی فکری و نەتەوەیی دامەزراندووە. هەروەها شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە کاتێ کۆنگرەی بەستووە داوای یەکێتی هەموو کوردی کردووە. ئێمە کۆمەڵێ کەسایەتیمان هەیە وەکو بسمارک و گاریبالدین، ئێمە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحمودو مەلا مستەفای بارزانیمان هەیە. سەبارەت بەوانەش لە بارەی تیۆری نەتەوە نوسیوویانە تەنیا باسی (عەباسی وەلی و ئەمیر حەسەن پوور لەگەڵ حەمید)تی کرد کە ئێمە خەڵکانێکی تریشمان هەیە پێش ئەوان بۆ نموونە(مەسعود محەمەد، جەمال نەبەز، ئەحمەد هەردی و هەروەهاعەبدوڵڵا جەوهەر) مان هەبوو کەئەمانە هیچ کەمتر نەبوون لە عەبدولڕەحمان بەزازو عەبدوڵڵا عەبدولدائیم و ساتح الخسری).

بابەتەکەت وای کرد زۆر قسەبکەم

**د. عەبدولحەمید بەرزنجی:** پێشەکی دەستخۆشی لە بنکەی توێژینەوەو مامۆستا ماهر دەکەم، بابەتێکی گرنگ بوو قسەی زۆر هەڵدەگرێت. بەڵام دکتۆر عەبدوڵڵا زۆر لەو تێبینی و پرسیارانەی کە من دەست نیشانم کردبوو باسی کرد. من چەند تێبینی و پرسیارێکم هەیە یەکەم لە پێناسەکان بەکارهێنانی چەمکی بێگانە (بەزمانی بێگانە)ت،

پێ باش بوو مەبەست لەمە چییە؟ تۆ باوەڕت بەوە هەیە نەتەوە دیاردەیەکی کاتییە.. زۆر لە کۆمەڵناسانی عەرەبیش بۆ نموونە دکتۆر مەعروف خەلیل عومەر لە پێناسەکردنی بۆ نەتەوە دەڵێ: نەتەوە شتێکی دروست کراوەو لە سەدەی نوێ نەتەوە مانای نامێنێ بەتایبەتی لەپاش عەولەمە پێم باشە ئەوەمان بۆ روون بکەیتەوە. هەروەها تۆ لە رۆلی دروست کردنی ناسنامە چ ئالیەتێکت پێ باشە، وەکو کورد بیر لە چی بکەینەوە بۆ ئەو حاڵەتەی کە هەمانە بۆ نموونە ئایا لەرووی ئابوورییەوە نەتەوەو پێکهێنانی نەتەوە هەروەها دروستکردنی دەوڵەتێک پێویستی بە بنەمای ئابوری نییە؟ رۆڵی بۆرژوازی کورد واتە بۆرژوازی نیشتمانی چ لە دەرەوەی ولآت و چ لە ناوەوە چییە؟ چونکە لە ئەزموونی ولآتانی ئەوروپا بەتایبەت بۆرژوازی نیشتمانی دەوری سەرەکی بینیوە. لە هەندێ خاڵدا لەگەڵ جەنابتدا کۆک نیم. من پێم وانییە کە دەقمان نەبێت، بەڵکو ئێمە دەقمان هەیە، بەڵام نووسەری بەتوانامان نییە بۆ شیکردنەوەو راڤەکردنی دەقەکانمان بۆ نموونە شیعرەکان، ئەدەب، کەلتووری کوردی، پەندی پێشینان، وتاری سەرکردەکانمان کە پێم وایە دەقی وای تیایە کە دەکرێ چەند ئایدۆلۆژیاو بیری نەتەوەیی پێ دروست بکرێت. تائێستا چەند لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر شۆڕشەکانی کورد کراوە، بەداخەوە کەم و دەگمەنن بەداخەوە ئێمە لایەنی نەتەوەییمان لە بیرکردووە بەتایبەتی لایەنی ئەکادیمی و کۆلێژو پەیمانگاکان، ئەگەر هاتووە شێوەیەکی ئەکادیمی لە شۆڕشەکانی خۆمان بکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەون کە زۆربەی خاڵە گرنگەکان چین و لە کوێن؟ ئەوروپا و ئەمەریکا پاش دیراسەکردنی شۆڕشەکانیان توانیان مێژوویی نوێی گەلەکەیان بنووسنەوە. هەروەها پێم وایە ئایین رۆڵێکی گرنگ دەبینی لە دروستکردنی نەتەوە، پێم وایە شێوەی تەسەوفی دینی لە کوردستان پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە. ئەو هۆیانە چین کە ئێمە ناسنامەمان نییە؟ ئایا ئێمە دوژمنمان نییە؟ ئایا ئێمە بنچینەی ئابوریمان نییە؟ ئایا ئێمە کەسایەتی نەتەوەییمان نییە؟

**ئاسۆ کەریم:** مامۆستا ماهر کە باسی نەتەوەی کرد دوو رێچکەی لێک جیاکردەوە ئەویش ئەوەیە کە پێی وایە یەکەم جار ناشنالیزم هەیە دواجار ئەم ناشنالیزمەی دەوڵەت

دروست دەکـات (سـتـێک)یش نەتەوە دروست دەکـات ئەوە زیاتر لایەنە سـیـڤـیـکەکـەی نەتەوەیە، بەتایبەتی ناوی کۆمەڵێک بیرمەندی هێناوە کە پشتگیری ئەم تیۆرە دەکەن، یەکێکی دی ئەوەیە ئیتنیکێک هەیە ئەوە ناشنالیزم دروست دەکات. دواتر دروست دەبێ، من وای تێگەیشـتم پێم وایە بۆ ئەوەی پێناسـەی نەتەوەی بکرێت دەبێت سـتـانداردی بابەتی هەبێ بۆ ئەوەی بیانناسینەوە، واتە بەبێ ئەوەی لەسەر خواست و ئیرادەی مرۆڤ بیرمەندی هەندێ پەیوەندی و سـتـانداردی ئۆبژەکـتـیڤ هەبن هەروەک خۆت ناوت لێنان ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک شتی زاتی هەیە بۆ ئەوەی گروپێک خۆی بە نەتەوە بزانێت واتە لایەنی زاتی، هەستکردن بەهەندێ شتی هاوبەش. پێوەرەکان چ پێوەرە بابەتییەکان و چ پێـوەرە زاتیـەکـان بەیەکەوە نەتەوە پێک دەهێنن. زۆرجار وەکـو ئیـتنێک هەن، بەڵام هێشتا خۆیان جیاناکەنەوە، هێشتا خۆیان نەناسیوە خۆیان لە کۆمەڵگەی دیکە، لە گروپی دیکە، لە کۆمینیتەی دیکە جیـانەکردۆتەوە. واتە وشـیـارییـەکی زاتیـان نییـە، هەروەک هیگڵ ئەڵێ: (جەماعە بذاتها) هەن، بەڵام (لذاتیـها) نین هێشـتا بۆ خۆیان کار ناکەن نەبوونەتە هی خۆیان رەنگە عەباسی وەلیش لێرەوە هەندێک بابەتی خستبێتەڕوو.

شـتـێکی تر ئەویش ئەوەبوو کـە قـسـە لە (ناسـیـۆنالەیـشـن)و (ناسـیـۆنالیـزم) لە دوای رمانی بلۆکی سۆسیالیزم نەوەتەکان گەرم بوویەوە، پێم وایە ئەوە پەیوەندی بەواقیعێکەوە هەبوو کـــە لەدوای نەوەتەکـــان تاڕادەیەک لە زۆربەی ناوچەکـــانی دنیـــادا تەنانەت بەئەوروپاشـەوە کۆمەڵێک کێشـەی ئیـتنی سیـاسی دەستی پێکردو کارەساتی مـرۆییـان لێکەوتۆتەوە. تەنانەت لە هەندێ حـاڵەتدا گـەیشـتـووەتە ئەوە هەڕەشـە لە ئاشـتی و ئاسـایشی دەولی بکرێ. ئەوەش وای کـردووە جـارێکی دی بیـرمـەندە تیـۆریسـتـەکـان بگەڕێنەوە سـەر ئەو بابەت و مـەسـەلەیەو باس بکەنەوەو لێی بکۆڵنەوە، سـەبارەت بەپێناسـەی نەتـەوە پێناسـەی بەسـتـەوە بەهەوڵدان بۆ دروسـتکردنی کـیـانێکی سـیـاسی ئەویش بەدیاریکراوی دەوڵەت، ئەگـەر وابێت رەنگە ئەمـە بەتەنیـا کـورد بگەیەنێت لە دنیادا چەند نەتەوەو کەمە نەتەوەی بچوک هەن، دیارە گەر هەریەک لەم نەتەوانە دەوڵەتی هەبێ دەبێ بەچ هەرایەک. بەراسـتی پەیوەندی دەولی تەنزیم ناکـرێ، ئایا لە راسـتـیـدا

هەموو نەتەوەو کەمە نەتەوەیەک هەقی ئەوەی هەیە دەوڵەتی هەبێ؟ ئایا دەوڵەت خۆی لە خۆیدا ئامانجە یان خۆی وەسیلەیەکە بۆ پاراستنی کەلتورو بەدەستهێنانی هەندێ شت. ئایا دەکرێ لە ولاتێکدا بۆ نموونە عێراق ئەگەر بوو بە (بای ناشالنشت) واتە بووە دەوڵەتێکی دوو نەتەوە دەتوانرێ لە دەوڵەتێکی وادا پێناسەی تۆ وەکو کورد بپارێزرێت. ئایا دەکرێ مرۆڤێک هەبن لە یەک کاتدا دوو پێناس هەڵبگرێ، پێناسی عێراقی بوون و پێناسەی کوردستانی بوون. بەنسبەت نەتەوەی کورد لەبەرئەوەی نەتەوەیەکە تەنیا وجودی لە عێراق نییە بەڵکو لە چەندین ولاتی دیکەدایە بەبڕوای من بەبێ دەوڵەت چارەسەر ناکرێ.

**م. موراد حەکیم:** دەستخۆشی لە مامۆستا ماهر دەکەم کە لە زۆربەی بۆچوونەکانیدا لەگەڵیدام رەنگە چەند پرسیارێکم هەبێت. ئەوەی کە کاک ماهر کەسانێکی وەکو مەسعود محەمەدو جەمال نەبەز بەتیۆرستی نەتەوەیی نازانێت من لەگەڵیدام.. راستە ئەمانە بیروباوەڕیان هەیە لە بارەی نەتەوەو ناسیۆنالیزم بەلام ئەمانە تیۆرست نین چونکە تیۆرو تیۆرست چەند مەرجێکی خۆی هەیە، و ئەم مەرجانە لەواندا بەرجەستە نابێت. سەبارەت بەوەی کە نەتەوە شتێکی کاتییە پێم وایە چونکە کۆمەڵگا شتێکی کاتییە نەتەوە شتێکی کاتییەو لە ئەساسدا نین بەڵکو شتێکن دروست دەبن. ئێمە تاکو ئێستا لەو ئیشکالەدا دەژین ئایا ئێمە کۆمەڵگامان هەیە چونکە کۆمەڵگاو نەتەوە کۆمەڵی مەرجیان هەیە ئەمانە لە ئەساسدا نین بۆ دروست دەبن رۆژێک دێ دەشمرن. ئەوانەی کە سەرەتا باسی ناشنالیزم و ئەو شتانە دەگەن بۆ نموونە (هێردەر)ی ئەڵمانی و (دیبادیلی) فەرەنسییە بەلام ئایا چی وای کردووە لە هەشتاکان تیۆریستە جیهانییەکان باسی ناشنالیزم دەکەن و زیندووی دەکەنەوە، هەمووی ئینگلیزی زمانن. چی وای کرد بەریتانییەکان لەسەردەمێکدا هێندە بایەخ بەناشنالیزم بدەن لەکاتێکدا هیچ ترسێک لەسەر ناسنامەی ئەواندا نییە؟ فەرەنسییەکان ترسیان لە عەولەمە هەیە ئەڵمانییەکان ترسیان لە عەولەمە هەیە چی وا دەکا کە ئینگلیزی زمانەکان بایەخ بەمە بدەن؟ زۆرجار ئێمە ناشنالیزم دەبەستینەوە بەمۆدێرنیتەوە و رەنگە واش بێت بەلام لە دیاریکردنی

سەرهەڵدانی ناشنالیزمدا باس لە شۆڕشی فەرەنسی دەکرێت لەکاتێکدا ئێمە هێشتا لە ئاستی جیهانیدا ئەوانەی کە باس لە مۆدێرنیتە دەکەن ئیتر لە (گێندز)و (هانا ئارنت)ەوە ئەوانەی دواتر هێشتا لەسەر ئەوە ڕێک نەکەوتوون کە سەردەمی مۆدێرنێتە لەکەیەوە دەست پێدەکا، ئایا پێش شۆڕشی فەرەنسییە یا دوای شۆڕشی فەرەنسییە؟ دوایین تێبینی کە دەمەوێ باسی بکەم، ڕەنگە ئەوە بێ کە وابزانم (عەباسی وەلی) باسی کردووە، ناسیۆنالیزمی کوردستانی نەک ناسیۆنالیزمی کوردی. ئایا ئەگەر ئێمە پێداگری بکەین لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی دوچاری کێشەمان ناکا وەکو کۆمەڵگا؟ ناسیۆنالیزم بۆ خۆی هێزێکە دەتوانێ کۆمەڵگا بنیاد بنێ، لە هەمان کاتیشدا هێزێکە کۆمەڵگا لەبەریەک هەڵدەوەشێنێت، لە وڵاتی کە زیاد لە نەتەوەیەک هەیە ئایا باس کردن تەنیا لە ناسیۆنالیزمی کوردی مەترسییەک نییە بۆ هەڵوەشانی ئەم کۆمەڵگایە؟

**م. حەمید عەزیز:** بۆم روون نەبۆوە ئەو باسەی کرا، دەربارەی هەستی نەتەوایەتی یان بزوتنەوەی نەتەوایەتی یاخود قەومیەت بوو. هەرسێک لەوانە لە کوردستان هەبووە. من هیچ دڵخۆش نەبووم بەوەی کە (سەلاحەدین ئەیوبی) کوردە، یەکەم جار کە چووە قودسەوە و داگیری کرد دەڵێ: (الحمد الله الذي اذله دولة صليب واغز بالكردي دينة مصطفى العربي) ئەمە هیچ نکۆڵی لەوە ناکرێ کە کوردە ئیعتیزازی بەقەومیەتی خۆیەوە کردووە. لەراستیدا ئەو بارودۆخەی دەرەوە بەڕادەیەک بووە بەلای ئەوەدا شکاوەتەوە کە کورد ژێر دەستە بێ و کورد دەوڵەتی نەبێ ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە هەندێ ڕەخنەم لەوە هەبوو جەنابت زیاتر بەلای ئینگلیزەکاندا چووی باسی سیاسیەکی کوردت نەکرد کە بۆچوونی چییە بەرانبەر بەنەتەوە. من لەگەڵتدا نیم کە (هێردەر) یەکەم کەسە لە ئەڵمانیا باسی نەتەوەی کردووە، بەڵکو (فیختە) یەکەم کەسە کە ناونیشانی کتێبەکەی (چەند بانگەوازێک بۆ نەتەوەی ئەڵمانیا)ە دەبوایە باسی ئەوەش بکرێ کە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئەڵمانیا لە هەموو بزوتنەوەیەکی تر بەهێزتربووە.. هەروەها سەبارەت بەدین کە دەورێکی ئەساسی هەبووە لە دروستکردنی نەتەوایەتی، بەڵام دەورەکە دوو ڕەنگ بوو، لەسەرێکەوە چەند قەبیلەیەکی عەرەبی کرد بەگەورەترین میللەت لە جیهانداو لەسەرێکی

کەڕوو ئەکات کورد دەڵێ: (ان اکرمکم عند الله اتفاکم)، بڕواتان بە قەومیەت نەبێ هەر تێک بشکێنن. ئیسلام وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە دروست بوو بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی نەبووە، حەرەکەیەک بووە کۆمەڵگای لە قۆناغی عبودەتەوە گۆڕیوە بۆ قۆناغی (اقطاعیت). ئەو قۆناغەش دیاردەیەکی قەومی نییە. شۆڕشی فەرەنسی لە بنەڕەتدا دوور لە دین حەرەکەی قەومی دروستکرد، ئەقطاعیەت لەلادێ ئەژی، بۆرژوازییەت لە شار دەژی مومکین نییە لە بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی لادێ حەرەکەی نەتەوەیت بۆ دروست بکرێ، تەنیا لە شاردا دروست دەبێ. شۆڕشی فەرەنسی یەکێکە لەو خالانە، تەنانەت زۆر کەس دەڵێ، فەلسەفەی (کانت، هیگڵ، فیختە، شیلینگ) بریتییە لە تەعبیرکردن لە بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسی بەڵام بەزمانی ئەڵمانی.

ئەساسی فیکرەی نەتەوەیی لە شۆڕشی فەرانساوە دەستی پێکرد. چینی بۆرژوایەت دروست. بۆ لێدانی ئەقطاعیەت..

**م. ماهر:** زۆر سوپاس بۆ تێبینییەکان، لە دکتۆر عەبدوڵلاوە دەست پێ دەکەمەوە بۆچوونی جیامان نەبوو تەنیا سەبارەت بەپێناسەی نەتەوە نەبێت. ئێمە دەبێ پابەند بین بەپێناسەی ئیلێتریچەی سۆسیۆلۆژی و ئەدەبی سۆسیۆلۆژی و سیاسەت. پێناسەکەی (ئەندرسن) کە دەڵێ: هاو خەیاڵە مەبەستی ئەوە نییە کە شتێکی خەیالاوییە، دەڵێ: (متخیل ولیس خیالی)، من نەمویست ئاماژە بە (ساتح حوسەری) بکەم کە خۆی تەمسیلی قوتابخانەی ئەڵمانی دەکا. بەنیسبەت (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) نەمخوێندۆتەوە ناتوانم هیچ بڵێم زۆر سوپاست دەکەم هەوڵ دەدەم پیایا بچمەوە بزانم تا چەند ناشنالیزمی وتووەو (جەمال نەبەز)م لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە خوێندووەتەوە من دەمەوێ باسی ناشنالیزم بکەم بەشێوەیەکی ئەکادیمی دوایی بێم شتەکان ڕاڤە بکەم. هەروەها نەمویستووە بزانم ئەحزاب چۆن سەیری مەسەلەی نەتەوەو ناشنالیزم دەکەن، بەبۆچوونی من هیچ حیزبێکی سیاسی لە کوردستان ئەفکارو بیروکەیان نییە کە تەرحی تیۆر بکات، تەنزیریان نەکردووە، تیۆریان نییە، تەنانەت وەکو ئایدۆلۆژیاش سەبارەت بەتێبنییەکانی مامۆستا عەبدولحەمید، بەش بەحاڵی خۆم (مەعەن خەلیل) مامۆستام

بووە، بەڵام بەتیۆریست و نە بەموحەللی نازانم لە بارەی مەسەلەی ناشنالیزم. ئەوەی کە دەڵێ نەتەوە نامێنێ بۆچوونی خۆی نییە وەری گرتووە. مەسەلەی ئەوەی کە نەتەوە دروست کراوە، مەسەلەی عەولەمە بۆچوونێک هەیە دەڵێ: (گلۆبالیزەیش) ناسنامەی نەتەوەیی مەحو دەکاو دەیتاوێنێتەوە. هەیە دەڵێ نا...

بەبڕوای من ئەو زەجەیە بۆ عەولەمە کراوە وانییە کە ئێمە لە رۆژهەڵات بۆی دەچین، بەبۆچوونی من عەولەمە بە ئەمریکی کردنی دنیایەو، ئەوەش راست نییە کە نەتەوە نامێنێ. ئەوروپا یەکێکە لە وڵاتە هەرە گەورانەی کە ئەمریکا ئیدعای بۆ دەکات. ئێمە چیمان لە عەولەمە پێ دەگات جگە لە پلکەکەی، سەبارەت بەرۆڵی دروستکردنی ناسنامە پێم وایە لە باری ئابووریش گرنگترین سیستەمی خوێندنە، دەبێ لە خوێندگەی ساوایانەوە سیستەمی خوێندن بگۆڕی بۆ ئەوەی تاکەکەس لە کۆمەڵگادا هەستی نەتەوایەتی قوڵ بکرێتەوە ئەوجا باری ئابووری، ئێمە بۆرژوازی نەتەوەییمان نییە، هەموو بۆ ئەوەی لە باج قورتاری بێت مزگەوتێک دەکاتەوە. ئەوروپا بورژوازادە دروستیان کرد. سەبارەت بەدەقیش مەموزینی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی بەراستی زۆر بەڕوون و ئاشکرایی ئاماژە بەمەسەلەی ناشنالیزم دەکەن وەکو دەق ئەمانەم دیتووە ئەگەر شتی تریش هەیە پێم دەڵێن زۆر سوپاستان دەکەم. ئایین لە ئەوروپا رۆڵی لە مەسەلەی ناشنالیزم هەبووە. بەڵام لای ئێمە لەوانەیە رۆڵەکەی نێگەتیڤ بێت لەباتی ئەوەی پۆزەتیڤ بێت. من لەگەڵ بۆچوونێکی عەباسی وەلیدا نیم زۆریش ئاساییە تۆ بۆچوونت لەگەڵ من جیابێ ئەوە بابەتی ئێمە پتەوتر دەکات کە ئێمە جیاین مەرج نییە کە یەک راو بۆچوونمان هەبێت لەسەر دیاردەیەک. سەبارەت بەتێبینییەکانی کاک ئاسۆ، مەسەلەی سیڤیک و ئیسنیک بەڵێ من لەگەڵتام من دەڵێم ناشنالیزمی کوردی ئیسنیکە، بەڵام زۆر بەئەسپایی بەرەو سیڤیک دەڕۆین. من ناتوانم بڵێم کە کۆمەڵگای مەدەنی لای ئێمە چەسپاوە. سەبارەت بەپرسیارەکانی مامۆستا موراد، ئایا ئێمە کۆمەڵگامان هەیە من وەک قوتابیەکی سۆسیۆلۆژی نەگەیشتوومەتە ئەو پرسیارەی کە کۆمەڵگامان هەیە، من دەڵێم هەمانە.

**م. حەمید عەزیز:** بەلای منەوە حەرەکە قەومیەکە چ وەک تیۆرو چ وەک پراکتیک لە

ڕۆژئاوای ئەوروپاو ئەڵمانیا بەهێزە، لە بەریتانیا بەهێز نییە چی هەیە ئەڵمانیا دەوری تیا بووبێت شیوعی کێیە مارکسە نازی کێیە هیتلەرە، فەیلەسوف کێیە کانتە، سۆسیۆلۆژیست کێیە هابرماسە، کێ بوو حەرەکەی قەومی لە دیندا درست کرد (مارتن لۆتەر)ە کە ئینجیلی لەلاتینییەوە کرد بەئەڵمانی و ... هتد. با بزانین حەرەکەی قەومی ئینگلیز کامەیە. بەپێچەوانەوە یەکەم داگیرکەرە لە جیهاندا.. میللەتەکەی کراوەیە.

**م. عەبدولحەمید بەرزنجی:** گرفتی دەوڵەتە قەومیەکان بەتایبەتی لە پاش عەزەواتی ئیستعماری کە دەستی پێکرد، کێشەی هاوڵاتی بوونیان بۆ دروست بوو، چونکە لە نێو وڵاتی خۆیان کێشەیان نەبوو کە وڵاتێکی تریان داگیر دەکرد کێشەی ئەوەیان دەبوو کە مافی هاوڵاتی بوونی پێ دەدرێ یان نا. زیاتر مەبەستەکە پێوەندی بەهاوڵاتی بوونەوە هەیە لەوێوە گرفتەکە دروست بوو زیاتر هاتە ناو ناسنامەوە کە دەبێ دەوڵەت ئەم ناسنامەیە بدات بەو کە ئیعترافی پێ بکات.

**م. ماهر:** دەتوانم ئاماژە بەیەک خاڵ بکەم، لە ئەوروپا سێ نەیشن هەیە (ئەڵمانیا، فەرەنساو بەریتانیا). ناشنالیزم لە ئەڵمانیا لەسەر ئەساسی خوێنە وەکو فەرەنسا نییە لەسەر ئەساسی تریتۆری و خاک بێ. تۆ ئەڵمانی نیت ئەگەر دایک و باوکت ئەڵمانی نەبن. لە فەرەنسا وانییە لەوانەیە جەزائیری بیت (زەینەدین زیدان) باشترین کەسە کە تەمسیلی فەرەنسا دەکاو فەرەنسیش نییە. بزووتنەوەی ناشنالیستی ئەڵمانی لە جێیە دواکەوتووەکەیدا لەژێر دەستی ستالین و لایەنە سۆشیالیستەکەیە..

**ئازا حەسیب:** پێم باشە بگەڕێینەوە سەر قسەکانی مامۆستا موراد، ئەو ئیشکالیەتەی کە ئەو باسی کرد لەلای منیش هەبوو، جیاکردنەوەی چەمکی کۆمەڵگا لە چەمکی نەتەوە. بە بۆچوونی من نەتەوە هەیە مەرج نییە کۆمەڵگا بێت، کۆمەڵگا کۆمەڵی تایبەتمەندی و بنەمای خۆی هەیە کە لە ئەنجامدا کۆدەبنەوەو دەبنە کۆمەڵگا، لەوەی کە دەبێ دامەزراوی کۆمەڵایەتی هەبێت واتە دامەزراوی دین، خێزان.. و هتد و لەگەڵیشدا دامەزراوی ڕەسمی هەبێت دامودەزگای سیاسی هەبێت دامودەزگای ئیداری هەبێت و لە ئەنجامدا هاوڵاتی بوون هەبێت هەموو ئەمانە کۆمەڵگا پێک دەهێنن بەڵام مەرج نییە ئەم شتانە لە نەتەوەدا

هەبێت.. دەشێ کۆمەڵگایەک چەند نەتەوەیەک بێت بۆ نموونە کۆمەڵگای کوردستان کوردە، تورکمان، ئاشورییە و دینی جیاجیایە، بەڵام کە هەموو ئەمانە پێکەوە کۆبووەتەوە لە چوارچێوەی دامەزراوی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کۆمەڵگایەک دروست بوو ناوی کۆمەڵگای کوردستانە..

**م. ماهر:** من ناوی لێنانیێم کۆمەڵگای کوردستان ئەو خەڵکەی کە لە کوردستان دەژین پێک هاتوون لە کوردو عەرەب و تورکمان.. ئەگەر بڵێم کۆمەڵگای کوردی تەنیا ئەو کوردەیە کە لەکوردستان دەژی..

**ئازاد حەسیب:** ئەمەیان ئیشکالیەتە دەبێ جیای بکەینەوە، ئایا کورد ناوبنێین کۆمەڵگا یان نەتەوە، لەمەدا ئەبێ بگەینە نەتیجە.. ئەگەر کورد کۆمەڵگایە ئەوە دەبێ هەموو ئەو مەرجانەی کە کۆمەڵگا هەیەتی بیبێ و ئەگەر نەتەوەیە ئەوە ئێمە کۆمەڵگایەکمان هەیە کوردیش بەڵام لە سنوری جوگرافی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و دامەزراوی خۆیدا لە ئێراندا دەژی و ئەویتریان لە تورکیاو.. هتد. ئەو شێوازەی لە فەرانسادا هەیە بەناوی هاوڵاتی بوونەوە بەحوکمی کۆمەڵێ لە بەندەکانی مافی مرۆڤ کە یەکێکیان تەسبیتی هاوڵاتی بوون دەکا بەنیسبەت مرۆڤەکانەوە، من لەو باوەڕەدام لەژێر ناوی نەتەوەی فەرەنسیدا کۆمەڵێ نەتەوە سڕاوەتەوە.. ئەمریکاش وایە سەبارەت بەعەولەمەش وای بۆ دەچم جۆرێ لە سارد کردنەوەیە بۆ حەرەکەی عەولەمە کاتێ ناوی بە (ئەمریکی کردنی) لێ بنرێ. پێم وایە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەقەکانی مارکس و ئینگلس و بۆ باس کردن لە گۆڕان و وەرچەرخانی سەرمایەداری و بۆ تەجاوزکردنی سنوری نەتەوەیی سەرمایەداری بۆ دەرەوەی خۆی و بەشکڵی ئیمپریالیزم و پاشان جارێکی تر بۆ شێوازی لیبرالیەت خۆی، بۆ شێوازی بازاڕی ئازاد.. هەموو ئەمانە یەک هەقیقەتمان بۆ دەسەلمێنێ ئەویش ئەوەیە کە حەرەکەی سەرمایەداری بۆخۆی حەرەکەیەکی بەجیهانی بوون (عەولەمە)یە لە کوێشدا سنوری رەسەنایەتی ئەم نەتەوە رێگە لە حەرەکەی سەرمایەداری دەگرت ئیتر ئەمە دەبێتە پێکدادان.. هەر بۆیە من وای بۆ دەچم عەولەمە زەروورەتێکی مێژووییە لە چوارچێوەی ئەو حەرەکەیەدا کە سەرمایەداری خۆی هەیەتی نەک تەنیا شێوازە

ئەمریکییەکەی.. مومکین نییە ئابووری سەرمایەداری و حەرەکەی سەرمایەداری و حەرەکەی سەرمایەداری ئەمە بەخۆیەوە نەبینێ..

**م. حەمید عەزیز:** ئەگەر یەکیەتی سۆڤیەتی جاران بمابایە خەڵک باسی عەولەمەی دەکرد؟

**ئازا حەسیب:** نەخێر چونکە عایقە لەبەردەمیدا، سۆڤیەت و دەیان دەوڵەتی وەکو ئەم بەعسیە فاشیەی عێراقیش و چەندی تریش عایق بوون لەبەردەم حەرەکەی تەبیعی سەرمایەداری لە دنیادا، لەو رۆژەوەی شۆرشی پیشەسازی بووە دەبوایە بەزەروورەتی مێژوویی حەرەکەی سەرمایەداری بەرەو بەجیهانی بوون چین بەپێی دەقەکانی مارکسیش ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆی. بەڵام بوونی سۆڤیەت و بوونی سین و بوونی دەوڵەتە قەومیە. تەعەسوبیەکان گوایە بەناوی پاراستنی رەسەنایەتی خۆیانەوە هەمووی عایق لەبەردەم سەرمایەداریدا. لەناوچوونی ئەم بلۆکە لەبەردەم حەرەکەی سەرمایەدارییدا ئەو دەرگایە کرایەوە بەرەو بەجیهانی بوون.

**م. ماهر:** ئێمە بۆ فۆکۆ یاما لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاری دەکرد لەبیر بکەین کە ئیدعای (عەولەمە و نیزامی جیهانی نوێ)یان دەکرد.. فۆکۆ یاما گێڕاو پاشان چاپ بوو زەجەیەک نرایەوەو هەروەها مەسەلەی (کۆتایی مێژوو)و (انسان الاخر) کە بیرۆکەکەی لە نیچە وەرگرتووە.. مەقولەیەک هەیە دەڵێ: (سەرمایەداری جەبانترین قەوارەیە). سەرمایەداری ئەگەر گرەنتی نەبێ کە قەزانج هەیە تەحەول ناکاو نابێتە جیهانی، دوایین کتێبی سامۆئیل هەنتگتۆن لەساڵی (٢٠٠٤) دەرچووە لەوە دەترسێ و دەڵێ: ئەوە خەریکە مەسەلەی ئەمریکا نەیشن تێک و پێک دەشکێنێ...

کەلتوری ئسپانی لە ئەمەریک باوە.. هەروەها سەبارەت بەئیشکالیەتی نەتەوەو کۆمەڵگا ناکرێ بڵێین نەتەوە نییە و کۆمەڵگا ئەگەر نەبوو نەتەوەش نییە، ئێمە لە ئەنترۆپۆلۆژی خوێندومانە دەڵێ: (کۆمەڵگا بێ دەوڵەتەکان) واتە کۆمەڵگا هەیە بەڵام نەتەوە نییە..